**غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بێ ئەڤین**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بلاْوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی

چاپ و بڵاوکردنەوەی

سلێمانی

٢٠١٠

# غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بێ ئەڤین

ئێریش فرید

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە

و: سیروان رحیم

سلێمانی
٢٠١٠

زنجیرەی کتێبی هەنار: **٢٤**

## غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بێ ئەڤین


- نووسەر: ئێریش فرید
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: سیروان رەحیم
- بابەت: شیعر
- پیتچنی: وەرگێڕ
- هەڵەچنی: محەمەد عەبدوڵڵا
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد ئەمین
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
- قەبارەی کتێب: ½ A٤
- ژمارەی لاپەڕە: ١٤٠
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٧٤٧ )
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپخانەی لەریا
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٩٦٦)ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران/ بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**



**ئێریش فرید**

**ئێریش فرید**

**"١٩٢١- ١٩٨٨"**

**شاعیری ئەو  پەیڤانەی بەردەوام زیندوون**

کەسێک
بە بەردەکانی گوت:
ببنە مرۆڤ

بەردەکان گوتیان:
هێشتا
وەکو پێویست
رەق نین



**ئەو وشانەی سەرەوە لە رامانگەی ئێریش فریدەوە سەرچاوە دەگرن. خاوەنی ئەو وشانە شاعیرێکە شیعری بۆ بەختەوەری مرۆڤ نووسیوە. بەڵام برِوای تەواویشی بەوە هەبووە مرۆڤ لە بەردەکان رەقتر و سەختترە. بۆیە ئەو رەخنە قورس و کاریگەرەی لە مرۆڤ گرتووە تا دەستبەرداری کەللەرەقی ببێت و هێمنانە بژی و هەنگاو بەرەو بەختەوەری بنێت.**

**ئێریش فرید زۆر لەسەر ئەم چەمکە راوەستاوە، چەمکی هەڵسوکەوت وشێوازی ژیان لە کن مرۆڤ. رامانێکی قوڵ سەبارەت بە مرۆڤ و چۆنیەتی ژیان و هەڵسوکەوتی لە بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەدا بە ئاشکرا دیارن. ئەویش وەکو زۆری دیکە خوزایار بووە کار لەسەر ئاڵۆزی و هەناوی پێچیدەی مرۆڤ بکات. فرید دەنگێکی جودای شیعرە، دەنگێك دەچێتە قوڵایی ناخەوە، لە ناخی مرۆڤەکان رادەمێنێت و قسە بۆ ناخ دەکات. ئەو لە ناخەوە بۆ ناخ دەنووسێت. قوڵ رۆدەچێت، بەڵام روون دەنووسێت. قوڵ دەنووسێت و دەبێت دەقەکان قوڵ بخوێندرێنەوە. ئەو شیعرەکانی روونن، زمانی سادە و بێ گرێیە، رامانێك بێ پێچ و پەنا و راستەوخۆ، بەڵام قوڵ رۆچووە، ئەمەیش هونەرێکە دەگمەن و هەموو نووسەر و شاعیرێك ناشێن سادەیی و رامانی قوڵ پێکەوە ئاوێتە بکەن.**

**شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی نەمسایی ئێریش فرید "٦,٥,١٩٢١ لە ڤیەننا- نەمسا لە دایکبووە. ساڵی ١٩٣٨ کاتێك لەشکری نازی بەسەر**

خاکی نەمسادا دەکشێت، ئێریش فرید لە قوتابییەکی ئامادەییەوە دەبێت بە جولەکەیەکی وێڵ، لە مرۆڤێکی جێگیرەوە دەبێت بە مرۆڤێکی راونراو کە لەشکری بێ ئامانی نازی بۆ راوکردنی بە دوایەوەن. فرید بە ناچاری ڤییەننا بەجێ دەهێڵێت. بەرەو لەندەن دەڕوات و تا ساڵی مردنی (١٩٨٨) لەوێ دەمێنێتەوە و لەوێ دەژی. ئەو دەبێت بە نووسەری تاراوگە، هەر وەکو نووسەری تاراوگەیش دەمێنێتەوە. فرید لە لەندەن شکسپیر دەکات بە ئەڵەمانی. ئەو کە خۆی ناتوانێ بچێتە ئەڵەمانیا، کەچی لە تاراوگەوە و ئەدەبیاتی گرنگی شکسپیر دەکات بە دیاری بۆ زمانی ئەڵەمانی.

ئەریش فرید لەو کەسانەیە پاش شەڕی دووەم، واتە لە ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە، وایان کرد لە سیمای شیعری ئەڵەمانییدا سیاسەت رەنگبداتەوە، خوازیار بوو جەستەی شیعر، گومان، پرسیار، رەخنە و هێزی یادەوەری تێبگەڕێتەوە. ئەو کاری بۆ ئەوە دەکرد شیعر ئێست بگرێت و رامێنێت.چونکە لە سایەی نازییەکاندا گیانی رەخنە کوژرا و هەموو یادەوەری و رامانەکانیش لە نازییبوون و رابەر "هیتلەر"دا بەرجەستە کران. لە رۆژگاری دەسەڵاتی نازییگەلدا نەك هەر ئەدەب و هونەر، بەڵکو سەرجەم ژیان لە بوون و باڵای هیتلەردا خەست کرانەوە.

فرید شاعیری پاش ئەو کارەساتە گەورەیەی مێژووی نوێیە، کارەساتی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نازییەکان و هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی. لە کاتێکدا شەڕ هەموو شتەکان لە ناو دەبات و هەموو



جوانی و سەرجەم هەستەکان هەپرون بە هەپرون دەکات، شاعیرێك پەیدا دەبێت، ئامادەیە و خوازیارە بە وشە لە ئاوەدانکردنەوەی دەروونی مرۆڤەکاندا بەشدار بێت. فرید هەر دەمێك وشەیەك لە گیانیدا، لە رامانیدا سەری هەڵدا بێت، هەر وشەیەك خۆی گەیاندبێتە دەروون و هەستی، ئیتر ئەو رووبەرەی بەجێنەهێشتووە، وشەکە دەستبەرداری ئەم نەبووە. لە ئەدەبیاتی ئەڵەمانیدا ئێریش فرید بەوە ناسراوە بۆ وشە ژیاوە و وشە ناسنامەیەکی تایبەتی لە کن وی هەبووە.

ئەو لە هەوڵی ئەوەدا بووە بە وشە کێڵگە و مێرگەکان پاراو بکات، خوازیار بووە ئەو رووبەرانەی نازیگەل وێرانیان کردن، بە شیعر و پەیڤ ئاوەدان بکرێنەوە.

ئەگەر وەزیفەی شیعر جوانی بێت، کە من پێموایە شیعر ئەو ئەرکە سەرەکییەی هەیە تەنها شتی جوان بڵێت، ئیتر باس لە هەر بوار و بابەتێك بکات، دەبێت بە جوانی بیڵێت و جوانی لە بیر نەکات. ئەگەر وەها بێت ئەوا ئێریش فرید ئەرکی شیعری بە جوانی بە جێهێناوە. بە جوانی باسی جوانی کردووە. ئەو نرخی وشەی زانیووە. نەك ئازاری نەداوە، نەك وشەی بێ کەڵك و بێ شوێنگەی شیاو نەکردووە. بەڵکو ئەو هەموو وشەیەك کاتێك بەکاری هێناوە لە جێگەیەکدا دایناوە، رووبەرێکی داوەتێ کە بەردەوام بژی و بێ گرێ هەناسە بدات. ئەو وشەی خۆشویستووە، بۆیە وشەکانی دێنە لای خوێنەر و خوێنەر لێیان بێزار نابێت.

★

فرید بەر لە ژیانی تاراوگە، بەر لە راکردن لە نیشتمانی خۆیدا گەلێك شتی سەخت و دژوار ژیا، وەکو نمونە: رووداوە سیاسییەکانی وڵاتەکەی، گرتنی پارتی سیاسی، لێدانی کرێکاران و تا گەیشتنە داگیرکردن لە لایەن نازیگەلەوە، هەروەها سەرلەنوێ رابوونەوەی بیری دژە جولەکەیی "ئانتی سەمیتیسم". فرید لە سایەی نازییەکاندا باوکی و داپیری لە دەست دا. بەڵام توانی دایکی بەرەو تاراوگەی ئینگلتەرا رزگار بکات. کاتێك لە ساڵی ١٩٣٨دا یەکێك لە هاوکارانی فرید لە کۆمیتەی پەنابەرانی جولەکە، لێی دەپرسێت، پیشەیەك کە بە ئارەزووی خۆت هەڵیبژێریت چییە؟ فریدی تەمەن حەڤدە ساڵان، وەها بەرسڤی ئەو پرسیارە دەداتەوە: "شاعیرێکی ئەڵەمان". دیارە ئەو کاتە پێکەنینیان بە قسەکەی هاتووە ، بەڵام ساڵانێك دواتر ئەو ئارەزووە بە شێوەیەکی تایبەت لە فریددا بەرجەستە بوو. ئەو بوو بە شاعیر، شاعیرێك زمان و ئەدەبیاتی ئەڵەمانی هەرگیز لە بیری ناکەن. سەرەتای نووسین و کاری ئەدەبی فرید بۆ وەرگێڕان دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی وەرگێڕانی کارەکانی دیلان تۆماس "١٩١٤-١٩٥٣" لە ئینگلیزییەوە بۆ ئەڵەمانی. هەروەها وەکو کارمەند بە لێدوانەکانی بەردەوامی خۆی لە بەرنامەکانی "بی بی سی" دا بە زمانی ئەڵەمانی.

ئەو لە تاراوگەی لەندەن مایەوە، هەرچەندە چەند جارێك بانگهێشت کرابوو، بەتایبەتیش لە لایەن زانستگەی هۆمبۆڵد لە بەرلین، بەڵام



ئەریش فرید لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بڕیاری دا لە لەندەن بمێنێتەوە و نەچێتە ئەڵەمانیا. چونکە ئەو رەوشی سیاسی وەڵاتەکە، بەرنامە کولتورییەکانی، کارەکانی سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی ئەڵەمانیا کۆنراد ئادەنهاوەری "١٨٧٦-١٩٦٧" بە هیچ جۆرێك پەسەند نەدەکرد . کۆنراد ئادەنهاوەر لە هەوڵی رشتنی بەرنامەدا بوو بۆ سەرلەنوێ گونجاندنەوەی نازییەکان لە کۆمەڵ و تێکەڵکردنەوەیان لە بوارەکانی کاردا،. هەروەها مەترسی شەڕی سارد لە ئارادا بوو، ئەو رۆژانە فرید سەبارەت بە شەڕی سارد نووسیوویەتی:

"سیاسەتی مانشێتی راگەیاندنەکان بەشێوەیەکی ئامادە بەدحاڵیبوون دەفرۆشن " بۆیە هەمیشە فرید لەو ساڵانەدا، سەرباری چاپکردنی دوو کتێبیش، لە ئەڵەمانیا نەناسراو مایەوە، چونکە ئەو میدیایە ئامادە نەبوو روناکی بخاتە سەر.

کاتێك ساڵی ١٩٥٨ کۆمەڵە شیعرێکی لە ئەڵەمانیا "ئەڵەمانیای رۆژئاوا" بڵاوکرایەوە و ساڵی ١٩٦٠-یش رۆمانێکی بە ناوی "سەربازێك و کەنیشکێك" بڵاوکرایەوە، شیعرەکانی لە لایەن رەخنەگرانەوە بە هەند وەرنەگیران و لەسەریان نەنووسرا. ئەگەر لەسەریشیان بنووسیبا وەکو "بەرهەمی ئەفسونئامێزی نووسەرێکی تاراوگە" هەڵدەسەنگێندرا. فرید لەبەرهەمەکانیدا باسی لە شەڕ دەکرد. ئەو دەمە ئەڵەمانیا ببوو بە دووو لەتی دژ بە یەکەوە. فرید کەوتە نێوان ئەو دوو ئەڵەمانیایەوە و هەردوو لا بە گومانەوە تەماشای بەرهەمی ئەو نووسەرەیان دەکرد. هەمیشە وەهایە نووسەر و هونەرمەند دەبن

به قوربانی، چونکه سیاسەت لەسەر گومان کار دەکات و خۆی له هەناوی گومان دایه، بۆیه گومان له هەمووان دەکات، دیاره رۆشنبیران و نووسەران بەردەوام له ریزی یەکەمی گومانلێکراوان دان.

پاش ئەوەی فرید لەگەڵ "گروپی ٤٧"دا واژۆی له دژی شەڕی ئەمەریکا له ڤێتنام کرد و سەبارەت بەو رەوشه شتی نووسی، کەس ئامادە نەبوو بەرهەمەکانی چاپ و بڵاوبکاتەوە. کاتێك کۆمەڵه شیعری "و ڤێتنام و" ی بڵاوکردەوە کەم کەس زانیاریان سەبارەت بەو وڵاته هەبوو. زۆر کەس هەر نەیاندەزانی ڤێتنام دەکەوێته کوێی ئەو زەوییەوە، بۆیه نەخشەیەکی لەگەڵ ئەو کۆمەڵه شیعرەدا بڵاوکردەوە. کۆشیعرەکەیش پڕ بوو له پەراوێز و روونکردنەوە.

فرید بەردەوام کێشەی بۆ دروست کراوە. بەردەوام ئازار دراوە، چونکه رەخنەی گرتووە و رامان و هزری بڵاوکردۆتەوە. کاتێك ئەو له ١٩٧٧ دا جارێکی تر له لایەن ئەڵمانیاوە داگایی دەکرا، له دەرەوەی ئەڵمانیا خەڵاتی گەورەی وەردەگرت و شیعری

"خەڵاتی وەشانی نێونەتەوەیی" پێدەبەخشرا و شیعرەکانی به حەفت زمان بڵاودەکرانەوە. بەڵام له رووبەری زمانەکەی خۆیدا، له هەردوو وڵاتی نەمسا و ئەڵمانیا درەنگ فرید بەسەر کرایەوە. تەنها چەند ساڵێك بەر له مردنی، له لایەن کۆمەڵێ شوێنی فەرمی و نافەرمی نەمسا و ئەڵمانیاوە دەست کرا به خەڵات بەخشین به فرید.

★



ئێریش فرید بەڕەگەز جولەکه بوو، بەڵام ئاتایست و دژەزایۆنیست بوو. لایەنگری هیچ ئایدۆلۆگییەك یان رێکخراوێکی سیاسی نەبوو. ئەو زۆر سەرسام بوو به بەرهەمەکانی شاعیری ئەڵمان فریدریش هۆردەرلین "١٧٧٠-١٨٤٣" و زۆر له ژێر کاریگەری هێزی سەرسامکاری ئەودا بووه.

بەڵام بۆ خۆی هاوشانی شاعیر، وەرگێڕ، نووسەر و وەشانکاری ئەڵمانی هانز ماگنوس ئێنتزەنسبێرگەر "١٩٢٩" له ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا رابەری شیعری سیاسی بوو. پاش شەڕ، ئێریش فرید نەك هەر شاعیر، بەڵکو له رێگەی وەرگێڕانی شابەرهەمەکانی شکسپیرەوە بوو به وەرگێڕێکی ناسراویش. چونکه ئەو گەلێك له کارەکانی شکسپیری کرد به ئەڵمانی. ئەو خوازیار و حەزداری ئەوه بوو گەمەکانی شکسپیر به وشه و به رامان بۆ زمانی ئەڵمانی بگوازێتەوە، بۆیه بەو زمانەی خۆی سەرلەنوێ دایڕژتۆتەوە.

ئێریش فرید جگه له شەکسپیر، بەرهەمی ئەم کەسانەیشی بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕاوە:

بەرهەمی شاعیر، دراماکار و رەخنەگری ئینگلیزی زمان، ت.س. ئەلیۆت"١٨٨٨=١٩٦٥". شایانی گوتنه ئەلیۆت هەلگری خەڵاتی نۆبلێ بوو بۆ ئەدەبیات، له ساڵی ١٩٤٨دا ئەو خەڵاتەی پێبەخشرا. بەرهەمی نووسەری بریتانی گراهام گرین "١٩٠٤-١٩٩١". بەرهەمی خاتوونی نووسەری ئەمەریکایی سیلڤیا پلات "١٩٣٢-١٩٦٣". هەروەها بەرهەمی

دراماكاری ئیرلەندایی جۆن سینگە "١٨٧١-١٩٠٩". بێگومان ئێریش بەرهەمی كەسانی دیكەیشی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵەمانی.

*

ئێریش فرید جگە لە نووسینی رۆمان، لە كورتە پەخشان و بە گشتی كاری نووسین و لە بواری سیاسەتیشدا كەسێك بووە چالاك، هەروەها لەگەڵ بزاڤی خوێندكارانی زانستگەدا بووە، بەشداری چالاكی سیاسی و رێپێوان و خۆپێشاندانەكانی دەكرد و وتاری تێیاندا دەخوێندەوە. بەڵام ئەو كەسێك نەبوو خۆی بە ئیدیۆلۆگی سپاردبێت، یان بە حیزبێكی سیاسی، ئەو هەمیشە باڵندەیەك بووە ئازاد و لە رووبەری ئازادی و جوانی وشەدا فڕیوە. ئەو كەسێك بوو چەپ. لە لایەن سیاسەتڤانە راست و كۆنەپارێزەكانەوە بە ئاژاوەگێڕ پێناسە دەكرا. ئەوان وایان پێناسە دەكرد، بەڵام راستییەكەی ئەو دەنگێك بوو بۆ ئازادی، ئازادانە و بێ وابەستەیی قسەی دەكرد و دەینووسی. چۆن شیعرە سیاسییەكانی پێشوازیان لێدەكرا، كاتێكیش ساڵی ١٩٧٩ كۆمەڵێك شیعری خۆشەویستی بڵاوكردەوە، بە هەمان شێوە لە لایەن جەماوەرێكی زۆرەوە بە فراوانی پێشوازی لێكرا.

ئێریش فرید لە ژیانیدا ٣٧ بەرهەمی جۆراوجۆری وەشاندووە. پاش شەڕ تاكە كتێبی شیعریی زۆرترین فرۆشی هەبووبێت، كۆشیعری فرید بووە، كە زۆرتر لە سێ سەد هەزار دانەی لێ فرۆشراوە.



*

راستە ئێریش فرید سادە نووسیویەتی. شیعری ئەو ئاڵۆزی ناناسێت، بەڵام سەرباری ئەوە وەرگێڕانی بەرهەمی ئەو ئاسان و سادە نییە. كارێك نییە خاڵی لە كێشە و سەختی، شێوازی نووسینی ئەو شاعیرە، شێوازێكە تایبەت. یاری كردن بە وشە، بەكارهێنان و گونجاندنی رستەی ئەوانی دی لە شیعر و بەرهەمی خۆیدا و بەكارهێنانی پەند و رستەگەلێك مەبەستی بووبێت بە كاریان بهێنێت، كاری وەرگێڕ ئاڵۆز دەكەن. زۆر شتی فرید هەیە راستەوخۆ بە زمانی ئەڵەمانییەوە پەیوەستە، دەرهێنانی لەو مێرگە و گواستنەوەی بۆ مێرگێكی دی دەبێتە هۆی شێواندنی، ئەمە ئەگەر نەبێت بە هۆی مەرگی. ئەو شیعرانەی فرید كەم نین لە بەرگی زمانێكی تردا هیچ بەدەستەوە نادەن. بە هیوام لە گواستنەوەی ئەم رامان و هزرانەدا شتێكی نوێ و جیاواز بێنمە ناو مێرگی زمانەكەمانەوە.

سیروان رەحیم

**وەڵام**

کەسێک
بە بەردەکانی گوت:
ببنە مرۆڤ

بەردەکان گوتیان:
هێشتا
وەکو پێویست
ڕەق نین



**پەند**

واز لە دڕەندەکان بێنە
ئارامیان مەشێوێنە
هیچیان خۆت ئاسا
بکوژن نین

## سەردەستی ئازادی

گوتەی
"لێرە ئازادی سەردەستە"
هەڵەیەکی بەردەوامە
یان با بڵێم
درۆیەکە:
ئازادی
سەردەست نابێت



## بێ گاڵتە

منداڵان
بۆ خۆشی
بەرد دەگرنە بۆقەکان
بۆقەکان
بەڕاستی
دەمرن

## زستانه باغ

به هەردوو پولی زەرد و سوورەوە
زەرفی نامەکانتم
لە ئینجانەیەکدا رواند

دەمەویٚ
رۆژانە ئاویان بدەم
تا نامەی تۆم بۆ بگرن

نامەی جوان و
نامەی غەمگین
نامەگەلیٚک



بۆنی تۆیان لیٚ بیٚت

دەبوو من پیٚشتر
ئەمەم بکردایە
نەک ئیٚستا
لەم درەنگی ساڵەدا

## نیگایەک لە تۆ

نزیکتر بیرت لێنەکەمەوە و
هەمیشە بیرت لێنەکەمەوە
بیرت لێبکەمەوە لە کوێیت
چونکە هەر بەراست تۆ لە وێیت

لە رامانمدا بە تەمەنتر نەبیت
لە رامانمدا لاوتر نەبیت
نە گەورەتر نە بچوکتر
نە گەرمتر و نەساردتر



لێت رامێنم و تاسەت بکەم
خوازیاری بینینت بم و
تۆم بە خۆشەویستم بوێت
مینا ئەوەی بەراست کە هەیت

## دابڕان

ڕۆژی یەکەم ئاسان بوو
ڕۆژی دووەم سەخت بوو
ڕۆژی سێیەم لە دووەم سەختتر بوو

ڕۆژ بە ڕۆژ سەختتر دەبێت:
ڕۆژی حەفتەم هێند سەخت بوو،
دیار بوو خۆم لەبەریدا ناگرم

دوای ئەو ڕۆژی حەفتەمە
تاسەی گەڕانەوە دەکەم



## ترس و گومان

بە گومان مەبە
لەوەی پێت دەڵێت
تۆ دەترسیت
بەڵام بترسێ
لەوەی
پێت دەڵێت
تۆ گومان ناناسێت

## رەوشی ئێستا

"لە ئێستەدا پێشبڕکێی چەک"

کێ بخوازێ
جیهان
وەک ئەوەی هەیە
بمێنێتەوە
دیارە ناخوازێت
جیهان بمێنێت



## تۆ

لە کوێ ئازادی نەبێت
تۆ ئازادیت
لە کوێ سەنگینی نەبێت
تۆ سەنگینیت
لە کوێ گەرمایی نەبێت،
نزیکیی نێوان مرۆڤەکان مەحاڵ بێت
تۆ نزیکی و تۆ گەرماییت

ئەی دڵی جیهانی بێ دڵ

لێوانی تۆ و زمانی تۆ
پرسیار و وەڵامن
ئارامییەک
لە ناو دەستەکانت دایە و
ئارامییەک
لە ناو ئامێزیشت دایە
تۆ دەستپێکی داهاتوویت و
ناچارم چەندێ لێت دوور کەومەوە
بەرەو هاتنەوە هەڵبکشێمەوە

ئەی دڵی جیهانی بێ دڵ
تۆ نە پارچە نزایەکی نووسراویت
نە فەلسەفەیت
نە ڕێسایت و نە موڵکیشیت
کە مرۆڤ خۆی پێوە وابەستەکات
تۆ مرۆڤێکی ژیانت لێدەبارێ
تۆ ژنێکیت
دەتوانیت هەڵە بکەیت و گومان بکەیت و باشیش بیت
ئەی دڵی جیهانی بێ دڵ



## توندوتیژی

توندوتیژی ئەو دەمە دەست پێناکات
کەسێک کەسێکی دی بخنکێنێ
ئەو دەمە دەست پێدەکات
کەسێک بڵێت:
"تۆم خۆشدەوێ
تۆ مۆڵکی منیت!"

توندوتیژی ئەو دەمە دەست پێناکات

نەخۆشەکان بکوژرێن
ئەو دەمە دەست پێدەکات
کەسێک بڵێت:
" تۆ نەخۆشیت:
تۆ ناچاریت ئەوە بکەی من دەیڵێم"

توندوتیژی ئەو دەمە دەست پێناکات
کاتێک دایک و باوکان
فەرمانڕەوای منداڵە ملکەچەکان بن
یان کاتێک پاپاکان و مامۆستاگەل
داوا بکەن خۆمان زەوت بکەین

توندوتیژی لەوێ دەسەڵاتدارە
لەو شوێنەی کەسێک
یاخود شتێک
گەلێ بڵندە
یان زۆر پیرۆزە
کە نەبتواندرێ رەخنەی ئاراستە بکرێ و
نە مۆڵەتی رەخنە لێگرتنی هەبێ
ئەو دەمەی قسەکردن مەحاڵ بێ و



کەسانی پیرۆز و بڵندیش
بۆیان لوا بێت
شتگەلێک بکەن لە قسە زۆرتر

توندوتیژی لەوێ دەسەڵاتدارە، لەو سەرزەمینانەی
" تۆ دەتوانیت پەنا وەبەر توندوتیژی ببەیت"
بەڵام بە زۆریش لەو سەرزەمینانەی
" تۆ نەتوانیت پەنا وەبەر توندوتیژی ببەیت"

توندوتیژی لەوێ دەسەڵاتدارە
دژبەرەکەی پەلبەست دەکات و
بوختانی دەستی گومانلێکراو دەداتە پاڵی
دەستوری توندوتیژی، وەهایە"
" ئەوەی ئێمە دەیکەین ڕەوایە
و
ئەوەی ئەوانی تر دەیکەن توندوتیژییە"

لەوەیە هەرگیز مرۆڤ نەتوانێ
بە توندوتیژی
سەرکەوێ بەسەر

توندوتیژیدا
بەڵام لەوەیشە
هەرگیز هەڵنەکا
بێ توندوتیژی



**هەوڵدانێک**

هەوڵم دا
هەوڵێک بدەم
کاتێک ناچارم کار بکەم
بیر لە کارەکەم بکەمەوە
نەک لە تۆ
من بەختەوەرم
کە هەوڵدانەکەم سەرنەکەوت

## تەنها ماچکردن

سیٚ پەیڤ بە تەنها
بۆ من بەختهیٚنەر ترن
لە نزیکەی گشت ئەو شتانەی
کە ئیٚمە لە ژیاندا
دەتوانین یان ناچارین بیانکەین
ئەو سیٚ پەیڤە ئەمانەن:
"تەنها ماچکردنی تۆ"
" تەنها ماچم بکەی"
هیچی دیکە نا؟



– ئەمە هەموویەتی
کە تۆ هیٚشتا
لە بەختی دەخوازی؟

– هەمووی نییە
بیربکەوە لە هەموو شیمانەیەک
ئاوڕ لە پەیڤەکانم بدەوە:
هەستیارانە
ئەوەیشم گوت:
نزیکەی

## بۆ نمونە

هەندێک شت لەوەیە
مایەی پێکەنین بێت
بۆ نمونە
کە تەلەفۆنەکەم ماچ دەکەم
کاتێک دەنگی تۆی تێدا دەبیستم
لەوەیش  زۆرتر مایەی پێکەنین و
هەروەها غەمگینییە
نە تەلەفۆنەکەم ماچ بکەم
نە بتوانم خۆت ماچ بکەم



## بەنگێتی

هەندێ جار هیوا دەخوازم
بمتوانیبا
تێرماچ بم لە تۆ
بەڵام ئەو دەمە
لە پای برسێتیی تۆدا
دەمردم
چونکە هەرچەندێ زۆرتر ماچت بکەم
ئەوەندەیش زۆرتر ناچاردەبم ماچت بکەم
ماچکردنی تۆ
تەنها برسێتیم تێر دەکا
نەک خۆم

## زیندوێتی؟

یەکێک پێی وابوو
ئەو دەژی و
دەیەوێت بیسەلمێنێ
کاتێک گوتی:
خواردنی خوارد
پێکەنی
ئەو خواردییەوە و
نزیکەی گریایش
ئەمە هیچێ ناسەلمێنێ
ئەم شتانە
هەموو ئەو کەسانەیش
کردیان
کە مردن



## بەڵام

سەرەتا عاشقی
پرشنگی ئەو چاوانەت بووم

ئەڤینداری پێکەنین و
خۆشحاڵی ژیانت بووم

ئێستا هەروەها عاشقی گریانەکانتم
عاشقی دڵەڕاوکێیەکانیشت
و
عاشقم
عاشقی دەستەوەستانی لە چاوانتدا

بەڵام پرشنگی چاوەکانی تۆ
چونکە ئێستاکەیش
خۆشحاڵی ژینمن
بۆیە دەخوازم لە دژی ترسیش
بێمە کۆمەکت

## لەسەر سەزەمینێکی تر

لەوەیە بتوانم
وێنەی مەمکەکانت
بۆ زمانم
بۆ لێوانم و
بۆ دەستەکانم
لەسەر سەرینەکەم بکێشم
بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە
بتوانن باشتر بیر لە تۆ بکەنەوە

لەوەیە بتوانم
لەسەر سەرینەکەم

بۆ رەگەزی خۆم
بۆ دەمی خۆم و
بۆ هەموو روخسارم
نیگاری ئامێزت بکێشم
بۆ ئەوەی بتوانن باشتر
نوقمی تاسەی بینین ببن

بەڵام من ناتوانم
نیگاری چاوت لەسەر هیچ شتێک
بکێشم
نە دەتوانم نیگاری دەنگت بکێشم
نە هەناسەت
نە بۆن و بەرامەت
نە هیچ جوڵەیەکت
و
دەستەکانی من
لێوەکانی من
دانەکانی من
زمانی من و
رەگەزی منیش



هەموو ئەمانە
تەنها تۆ دەخوازن
نەک شتێکی تر لە بری تۆ

دیارە مەمانیشت
ناتوانم بە راستی نیگاریان بکێشم
هەروەها ئامێزت
لە کاتی هەوڵدانم دا
تەنها غەمگین دەبم
و
زیاتر بێ تۆییم پێوە دیار دەبێ

## پرسیارەکان

چەندێک بڵندە ژیانت؟
چەندێ قوڵە؟
چەند لەسەرت کەوتووە؟
هەتا کەی باجەکەی دەدەی؟
چەند دەرگای هەیە؟
چەند جار
سەلەنوێ دەستت پێکردوە؟
قەت ناچار کرایت
بۆ ئەوەی هەڵبێیت؟
ئەگەر بەڵێ،
بەرەو هەموو شوێنێک هەڵاتی؟
لە بازنەیەکدا



یان
بەرەو هەوراز
رات کرد؟
بیرت لە چی دەکردەوە لەو کاتەدا؟
بەچی ئەوە دەناسییەوە
کە تۆ لەسەرانسەری ئەو شوێنانەدا بوویت؟
زۆرجاران رات کردووە تۆ؟
سێیەم جاری
وەکو دووەم جار بوو؟
حەز دەکەی ئەو بوارە
بە ماشینێک ببڕیت؟
یان لە ماشێنێک سەرت خەن؟
بەرەو کوێ؟
لەسەر دەستی کێ؟

## بیرکردنەوە لە تۆ

بیر لە تۆ بکەمەوە و
ناشادیش بم؟
بۆچ؟
بواری بیربکەینەوە
ناشادی نییە
توانای بیرکردنەوە
لە تۆ
لە تۆ وەکو هەیت
چۆن خۆت تەڤ دەدەی❋
بیرکردنەوە
لە دەنگت
لە چاوانت



بیرکردنەوە لە تۆ
وەکو کە هەیت
ئیتر شوێنێک بۆ ناشادی
دەمێنێتەوە
"بۆ ناشادییەکی تەواو
کە من دەیناسم"
هیچ شوێنێک
نە ژوورێک و
نە تەنگەیەک؟

❋ خۆ تەڤدان: خۆجوڵاندن

## مەحاڵ

ناچارم
سەرینەکەم ماچ بکەم
ئەوەی تۆ سەرت لەسەر دانابوو

ناچارم پەنجەکانم ماچ بکەم
پەنجەگەلێک تۆیان نازدا

ناچارم
زمانم ماچ بکەم
بەڵام ئەمەیان
مەحاڵە



## گیرۆدەیی هەوڵدان ناناسێت

بە داخەوە
ئەمڕۆ کاتمان نییە
بۆ جوانکاری

کەسێک ئەمەی گوت
من ساڵانێکە
وەک بێ ئاکارێک دەیناسم

## ڕێپێشاندەر

ئەوەی بوێریم دەشکێنێ
ئەوەیە
ئەوەندە سەختە
ببینم ڕێیەک بەرەو کوێ دەچێ
بەرەو ڕاست* و
بەرەو داهاتووی دڵنیا
بەڵام ئەوەی پاشتر بوێریم پێدەبەخشێ
ئەوەیە
ئەوەند ئاسانە
ببینین لە کوێ ناڕاست** ڕوو دەدات و



نەفرەتیش لە ناڕاست بکەین

ئەگەر شەڕ لە دژی ناڕاستی
ئاسانیش نەبێ
مرۆڤ تێیدا بە ئاسانی
ئاراستەی خۆی بزر ناکا
چونکە ئەوەندە بە بڵێسەیە و
ئەوەندەیش خێرا ژینگە
بە تەپ و دوکەڵ دەتەنێ
هیچ کەسێک ناچار نابێت
شوێن پێی ناڕاستی
بزر بکات.

ئەگەر ڕێ بەرەو ڕاست و
بەرەو داهاتوو
تاریک و وێڵ بوو
هەست بە ناڕاستی خۆم دەکەم
کە بە ڕوونی لە چەقی ڕێگەکە دایە
و
ئەگەر من هەر لەوێ بم

لەوەیە پاش شەڕم لەگەڵ ناڕاستیدا
پاش ئەوە دێ*** پارچەیەک
لەو ڕێیە
بە "ڕاستی" بناسێنین

**٭ ڕاست: وشەکە لە زمانی ئەڵمانیدا بۆ ڕاست و بۆ ماف و دادپەرەری، هەمان واتەی هەیە.**
**Recht مەبەستی لە هەقیشە.**
**٭٭ ناڕاست: مەبەست لە ناهەقیشە.**
**٭٭٭ دێ: بە دڵنیایی. دەیکەین.**



## جیاوازی

ئەوەی ئێمە لە ئێوە دادەبڕێت
پەروەردەکەتانە
هەموو کەرەستەیەک حەڵاڵە
بۆ ئامانجی گەورە

بۆیە دەبێ مرۆڤ شەڕی ئێوە بکات
لە کوێ ئێوە خۆ دەربخەن
هەموو کەرەستەیەک حەڵاڵە
بۆ شەڕی گەورە

## کەسێک گۆرانی دەڵێ

لە رووبەری ترسەوە
کەسێک دژی ترس
گۆرانی دەڵێ

لە رووبەری گیرۆدەییەوە
کەسێک دژی گیرۆدەیی
گۆرانی دەڵێ

لە رووبەری کاتەوە
کەسێک دژی کات
گۆرانی دەڵێ



لە رووبەری تەپوتۆزەوە
کەسێک دژی تەپوتۆز
گۆرانی دەڵێ

کەسێک گۆرانی دەڵێ
لە رووبەری ناوەکانەوە
ناوەکان بێ ناو بکەن

## ئەو درۆیانەی پێیان کورتە*

لاقی
درۆ
گەورەکان
هەرگیز
ئەوەندە
کورت
نین

ژیانی
ئەو



کەسانە
کورتترە
کە
بڕوایان
پێیان
کرد

**★ شیعرەکە لە دەقە ئەڵەمانییەکەدا بەو جۆرە نووسراوە، دیارە شێوەی نووسین و دانانی وشەکان هاوئاهەنگە لەگەڵ مەبەستەکەیدا. "لاقی درۆ کورتە" پەندێکی ئەڵەمانی یە. کورد دەڵێت: پەتی درۆ کورتە.**

**ریٚ کۆنەکەی فێرگە**

لەسەر ئەم شەقامە
سالاٌنێک پێش هاتنی ئێوە
هاوارێک هەرەشەی دەکرد
"چاوەڕوان بە و بەس"
چاوەڕوان نەبووم

لەسەر ئەم شەقامە
پاش تێپەڕینی سالاٌنێک
رابردوو بە بێدەنگی هەرەشە دەکات
"چاوەڕوان بە و بەس"
چاوەڕوان دەبم



**پەیوەندی بە زلهێزەوە**

ژیان لەگەلٌ بکوژاندا
ئارەزوویەکە و دەکریٚ تێبیگەین
ئەگەر مرۆڤ وابەستەی ژیان بێت و
ئەگەر بکوژانیش بە هێز بن

هەروەها ژیان لەگەلٌ بکوژان
بەو واتەیە دێت
چۆن مرۆڤ لەگەلٌ بکوژان ژیا
رۆژێکیش دادیٚ کە تیایدا
دەبیٚ بمرێت بۆ ئەوان

## خۆئازادکردن لە نمونە گەورەکان

کەس لە لێئۆناردۆ داڤینچی ژیرانە تر
ئێمەی فێر نەکرد
"کێ هەمیشە ئاماژە بە دەسەڵاتداران بکات
یادەوەری بەکار دێنێت
نەک ئاوەزی"

دواجار هاودەنگ بن
لەگەڵ لێئۆناردۆ
دەست لە دەسەڵاتداران بەردەن



## جیهان خاتوون*

من
بەرەو دنیا
هاتم و
دواجار
گەیشتم

پرسیار
بە دەنگی بڵند
چۆن ئەو بیرۆکەیەم
بۆهات

بەرەو لای ئێوە بێم

وێ** هات و
بە دەنگی نزم گوتی:
تۆ نایەیت
تۆ
بەرێوەی بچیت

* جیهان: مەبەستی لە دنیا، گۆی زەوییە.

** وێ: بە کرمانجی ژوورو واتە ئەو بۆ ژن، "کەسی سێیەمی تاک مێ" لە کرمانجی سەروودا نێر و مێ هەیە.



## لێزان

رۆژگارێک هەبوو
هەلپەرستەکان
هەلپەرستییان
تێدا دەشێوان

باوەڕیان پێبکە
ژبەرکو* ئەوان
باشتر دەزانن
باسی چی دەکەن

متمانە مەکە
هەرگبز بەوان
ژبەرکو
بە هەلپەرستی
هەلپەرستێتی دەشێوێنن

★ ژبەرکو: چونکە



## سوپاسبژێری

لە باوەشی زەویدا
کرمەکان
ستایشی
رێی راست و رەوان
دەکەن

راست و رەوانترین
رێیەکان
کە ئەوان پێیدا تێپەڕین
بەهێزیی
خۆراکیان بوو

## پرسیاری بچوک

پێت وایە
تۆ هێشا زۆر بچوکیت
بۆ ئەوەی
پرسیاری گەورە بکەیت؟

کەواتە
گەورەکان
تۆ هەر بە بچوک
وەردەگرن
بەر لەوەی
تەواو گەورەیش بیت



## مجرۆبوونی پەیوەندی ئەڤین

هەندێجار
رستەی
شیعرێکم
خۆشدەوێ
کە من خۆم نووسیومە
وەک ئەوەی خۆم نووسیبێتم

دەیشزانم کەوا
خۆم نووسیومە
بەڵام ئەمە بە دەنگمەوە نایەت
چونکە من

له ئێستەدا ئەو رستەیە نانووسم

رستەیەک

من خۆشم دەوێ

ئەو

منی دووبارە

خۆشناوێ



## سێ پرسیاری چون یەک

له دنیایەکدا

کە لێکترازان

لەوەیە بەرەو ئاوابوون

بیبات

گەلۆ شیعر دەشێ

هەر سادە بێ؟

له دنیایەکدا

له سۆنگەی لێکترازانی

لەوەیە بەرەو ئاوابوون بچێ

گەلۆ شیعر دەشێ
جگە لە سادەیی شتێکی تر بێ؟

لە دنیایەکدا
لەوەیە لە پای لێکترازانی
بەرەو ئاوابوون بچێ
گەلۆ دەشێ
ڕێساگەل بەسەر
شیعردا بسەپێ؟



**ئەمە چییە؟**

زۆر بێ واتایە
ئاوەز وا دەڵێ
ئەمە، ئەمەیە
ئەڤین وا دەڵێ

زۆر بەدبەختییە
حیساب وا دەڵێ
ئەمە هیچ نییە جگە لە ئازار
ترس وا دەڵێ
بێ هیواییە

بینین وا دەڵێ
ئەمە، ئەمەیە
ئەڤین وا دەڵێ

مایەی کەنینە
شانازیی دەڵێ
گوێنەدەرییە
دەربەستی دەڵێ
ئەمە مەحاڵە
ئەزمون وا دەڵێ
ئەمە، ئەمەیە
ئەڤین وا دەڵێ



**پەیڤەکان**

کە پەیڤەکانم بەرانبەر بە ماندوێتی پارچەی تێکشکاو بن و
لەسەر ئامێری نووسین هەڵەی گێلانە بکەن
کە من بمەوێ بخەوم و
چیتر لە پای غەمی رۆژانە را نەبم
لەپێناوی ئەوەی چ لە جیهاندا روودەدات و
ئەوەی من ناتوانم رێی لێ بگرم

لێرە و لەوێ پەیڤێک دەست دەکات بە خۆپاککردنەوە و بە
چرپەکردن و

نیو رامانێک خۆی شانە دەکات و لە یەکێکی تر دەگەڕێ
لە یەکێک لەوانەیە ئەویش بە دەستی شتێک بخنکێت
شتێک کە ئەو ناتوانێ قووتی بدات
بەڵێ ئێستا لە چواردەوری خۆی دەڕوانێ
نیوەڕامان دەخاتە سەر دەست و بەو دەڵێ:
وەرە

پاشان هەندێ لە پەیڤە ماندووەکان دەفڕن و
هەندێ هەڵەی چاپ کە پێکەنینیان بە خۆیان دێت
بە نیوە رامانێکەوە
یان بێ نیوەڕامان و رامانی تەواو
لە بەدبەختی لەندەنەوە بەسەر زەریا و پێدەشت و چیادا
دیسانەوە بەرەو هەمان شوێنگە

سبەی کاتێک لە نێو باغەکەدا تۆ بە پلەکاندا دادەگەڕێی
رادەوەستیت و بە ئاگا دێیتەوە و تەماشا دەکەیت



دەتوانی ئەوان ببینی کە دانیشتوون یان باڵەفڕەیان
ببیستی
کەمێک مەییوون و لەوانەیە کەمێک بزر بووبێتن

بەردەوام بەخت و گێلێتی
ئەو دووانە بەراستی لای تۆن

**نامە بەرەو مۆسکۆ**

**بۆ میخائیل گۆرباتشۆف**

پاش شەست ساڵ متمانە، گومان، بێ هیوایی،
شەست ساڵ کە تیایاندا گوێچکەکان نەیانتوانی
بەرانبەر بە درۆگەلێک بە ناوی راستییەوە دەکران خۆیان
دابخەن ،
چاوەکانیش بەرانبەر بە بێدادی،

بەڵێ ئێستا من دەتوانم لە نێوان تەمەن و مەرگم دا
ئەو تیشکی هیوایە دەستەبەر بکەم، کە هەمووی دەگۆڕێت،
ئەو هیوایەی لە هەواڵێکەوە بۆ هەواڵێکی دی روونتر
دەبێت،



کە منداڵانمان دەشێن بەختەوەرەتر بژین، چونکە دواجار
لە ناو کورتە راستیی نیوەناچڵەوە راستی رادەبێت و
لە شێوەی مرۆڤدا ئا لەوێدا بەرجەستە دەبێت و دەخوازێ
مرۆڤایەتی بێنێ و پڕکێشیش دەکات،
"رێپێدراو" بخرێتە سەر ئەو پرسیارە"دەتوانم"،
بەرەو زانیاری کراوە و
ئازادی سەرلەنوێ کورسی بەرەو لای مێز دەگێڕێتەوە.

ئەمە بە ستران دەگوترێ؟ یەکانگیربوونەوە لە قوڵایی
شوێنەواری گوناهەوە،
کۆنە حەز دەتوانێ لە سترانەکان بۆ چێژی گەورە هێشتا
پەیڤ نەدۆزێتەوە،
پەیڤی تەواو ساغ و دروست
پەیڤە تەواو ساغ و دروستەکان
تەواو بە کەڵکی بارسوکی و خۆشحاڵی دێن

## ژیاننامە

من نە بەرد بووم و نە هەور
نەزەنگ بووم و نە دەنگی بەرز
دەست لێوەشێندراوی فریشتەیەک یان شەیتانێک
من هەر لەسەرەتاوە هیچی دی نەبووم جگە لە مرۆڤ
نایشمەوێ شتێکی دی بم

وەکو مرۆڤ گەورە بووم و
دووچاری بێدادی بووم
هەندێ جار نارەوایم کرد و
هەندێ جاریش شتی باش



وەکو مرۆڤ خۆم لە دژی بێدادی
یاخی دەبم
بە هەموو داگیرسان و کوژاندنەوەکانی هیوا
خۆشحاڵ دەبم

وەکو مرۆڤ بە ئاگام و ماندوو
کاردەکەم و خەمم هەیە
برسیم بۆ تێگەیشتن و
بۆ دەستگیرکردنی تێگەیشتن

وەکو مرۆڤ خۆشحاڵم بە هاورێکانم
خۆشحاڵم بە ژن و منداڵ و نەوەکان و
ترسم هەیە بۆ ئەوان و
لە پای دڵنیاییدا بیریان دەکەم

دەمەوێ لەگەڵ ئەوانی دی بم و هەندێ جاریش بە تەنها
غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بێ ئەڤین

وەکو مرۆڤ من نەخۆش و پیرم
دێ* بمرم و

نابم بە بەرد
نابم بە هەور و نابم بە زەنگ
بەڵکو دەبم بە خاک یان خۆڵەمێش
هیچیش لەو پاشماوەیە دەرنایەت

★ دێ: بە دڵنیایی. دەبێت.



## نەخۆش

**بۆ داڤید کوپەر❋**

ئەوەی لە دژی ڕێساکانی ئەم کۆمەڵگەیە
هەرگیز سەرپێچی نەکردبێ و هەرگیز سەرپێچی نەکات،
هەرگیز نەیەوێ سەرپێچییش بکات
ئەوە نەخۆشە

لەم دەمەدا
ئەوەی هێشتا هەست بە نەخۆشی خۆی ناکات
لە دەمێکدا ئێمە ناچارین تێیدا بژین
ئەوە نەخۆشە

کێ شەرم لە ئەندامە تایبەتییەکانی خۆی بکات و
نازیان نەدا و
شەرمی ئەوانی دی
کە ئەو خۆشی دەوێن بێ شەرم ناز نەدا
ئەوە نەخۆشە

ئەوەی ئەو رەوشەی خۆی دوا بخات
کە ناوی نەخۆش-ی لێ بنێن و
یان ئەوان نەخۆشی بخەن
ئەوە نەخۆشە

ئەوەی بیەوێ رێزلێگیراو بێ
لەو کەسانەوە کە ئەو خۆی بە سوک دەیانبینێ
دیارە ئەو ئەگەر ئەوەند بوێر بێ
ئەوە نەخۆشە

کێ دڵنەوا نەبێ
لەگەڵ ئەوانەی ئەو پشتگوێیان دەخات و
شەڕ بکات لە پای لەشساغیدا
ئەوە نەخۆشە



کێ دڵنەوایی بۆ ئەوە بە کێش کرد
شەڕی نەخۆشەکان نەکات
ئەوانەی بە دەوری ئەودا ئەوانی دی نەخۆش دەخەن
ئەوە ناچارە نەخۆش بێ

کێ خۆی بکات بە پاپای رەوشت و
خۆی بکات بە دانەری یاساکانی ئەڤین
ئەوە ئەوەندەی پاپا نەخۆشە

کێ بڕوا بەوە بکات کە دەتوانێ ئاشتی وەدەست بخات
یان ئازادی
یان خۆشەویستی
یاخود دادپەروەری

بێ دژایەتی نەخۆشییەکەی خۆی
دژایەتی دوژمنانی و هاوڕێیانی و
شەڕی پاپاگەل و نوژدارەکانی خۆی بکات
ئەوە نەخۆشە

کێ پێی وابێ، چونکە ئەو لەشساغە
مرۆڤێکی باشترە
لەو مرۆڤە نەخۆشانەی دەوروبەری
ئەوە نەخۆشە

کێ لەم جیهانەی ئێمەدا
بۆ هەموو شت هاواری فریادڕەس دەکات
هیچ ڕێیەکی رزگاری نابینێت
ئەوە نەخۆشە

**★ داڤید کوپەر: ١٩٣١-١٩٨٦ دەروونناسێکی باشوری ئافریقیا بوو.**



**دوژمنان**

بە جارێ لە ژیان داماڵراو
هێشتایش غەم لە کۆڵ
نەزانینی هیچ وەڵامێک
پرسیار لە ناپرسیارەکان

پاشماوەی ژیانی خۆیان
بەوە بەسەر بەرن
ژیان ناحەزی خۆیان
بە ستران بڵێن

لەوەیە ئامادەیش بن

ژیانیان بەوە ببەخشن
تا ناچار نەبن ببینن
بۆچی و لە سۆنگەی چی دەژین

هێشتایش هیوایان بە سبەینێ یە
بێ ئەوەی هیچ لە ئیمڕۆ و دوێنێ بزانن
درۆ و خەیاڵەکان بۆ هەمووان کراوەن
ئەوان برا و خۆشکی خۆمن



## نە تەنیا

لەوە بوو ژیان
ساناتر بوبا
ئەگەر تۆم هەرگیز
نەدیبایە

هەموو جار
غەمگینی کەمتر
ئەگەر ناچار بوباین لێک دابڕێین
ترسی کەمتر
لە دابڕانی داهاتوو و
دابڕانی داهاتووتر

لەوە بوو
ئەو تاسەی بێدەسەڵاتییە
کەمتر با
ئەگەر تۆ لێرە نەبای
تاسەیەک
بە پەلە و لە تروکەی داهاتوودا
تەنیا مەحاڵی دەوێ

پاشان
لەبەرئەوەی مەیسەر نابێت
بەرگە ناگرێ و
هەناسەی تەنگ

لەوە بوو ژیان
ساناتر بوبا
ئەگەر تۆم هەرگیز
نەدیبایە
تەنیا ئەوەندە هەیە
ئەو ژیانە
نەدەبوو بە ژیانی من



## بەر لەوەی بمرم

پەیڤین
جارێکی تریش سەبارەت بە گەرمی ژیان بپەیڤین
بۆ ئەوەی هەندێ کەس بزانن
هیچ گەرم نییە
بەڵام دەکرا گەرم ببێت

بەر لەوەی بمرم
جارێکی تر بپەیڤین
سەبارەت بە ئەڤین
بۆ ئەوەی هەندێ کەس بڵێن:
خۆ ئەڤین هەبوو
پێویستە ئەڤین ببێت

جارێکی تریش بپەیڤین
گەشەی هیوا لە بەختەوەریدا
بۆ ئەوەی هەندێ کەس بپرسن:
ئەوە چی بوو
کەی جارێکی دیکە دێتەوە؟



**لە پەسنی بێ هیواییدا**

کارێکە بێ هیوا
بێ هیوایی لە کار بخەیت
چونکە بێ هیوایی ژیانمان وەها لێدەکات
وەک ئەوەی کە هەیە

کاتێک ئێمە لە هەوڵی گەڕان بە دووی چاوبەست داین
بێ هیوایی رادەمێنێت
ئەو دەمەی ئێمە چاوی خۆمان دەگرین
ئەو لە روخسارمان دەڕوانێت

هیچ کەس لەو کەمتر رووکەشتر نەدەبوو
هیچ کەس لەو بەڵگەی باشتری نەدەبوو
کەس لە ژێر ئەو تیشکانەدا
ئەوەی ئەویش و ئێمەیش دەیزانین
چەشنی ئەو
وەها مافدار نەدەبوو

سبەینێی زۆر زوو هەست دەکات هێشتا کەمێک بەختەوەرە
پاش کەمێک هێدی هێدی خۆی دەناسێتەوە
پاش یەکەم پەیڤ
کە لەگەڵ کەسێکدا دەیگۆڕێتەوە تێگەیشتن دەست پێدەکات:
ئەو خۆشحاڵ نییە
ئەو هێشتایش بەردەوام خۆیەتی

بێ هیوایی خاڵی نییە لە حەز و لاوازی



پێتوابێ گەمەی بێ هیوایی بەهێزی یان لاوازی بێت
ئەو خۆیشی ئەوە نازانێت
بێ هیوایی دەتوانێ تورە بێت
نەفرەتی لێ ببارێت
بێ هیوایی دەتوانێت پڕ جوڵە و نادادپەروەر بێت
بێ هیوایی دەتوانێ خەمی شکۆی خۆی بخوات

بەڵام بێ بوێری چوون بەرەو بێ هیوایی
لەوەیە شکۆی کەمتر بدۆزرێتەوە
کەمتریش راستگۆیی
کەمتریش لوتبەرزی لاوازی دەسەڵاتی سێکسی لە دژی "دەسەڵات"
ریسواکردنی بێ هیوایی نارەوایە
بێ "بێهیوایی" ناچار دەبووین هەموومان بێ هیوا بین.

**وشەم بدەیە**

دەدات"، تۆ دەڵێی،

"روو دەدات"،
"روو دەدات"،

پاول کلین*

ئەمە چ واتەیەکی هەیە؟
هەمووان بەرانبەر بە بەیتەکان کاران
وەک ئەوەی لە مێژە بزانن



کە نایشزانن
یان نیوزانین
یان نایانەوێ چیتر بزانن
نایانەوێ چیتر زۆرتر بزانن، زۆرتر لە چی؟
ئەمە چ دەگەیەنێت:
"روو دەدات"، تۆ دەڵێی،
"روو دەدات"،
"روو دەدات"،

گوێ دەگرم و پڕم لە پرسیار
بەڵام پرسیارم لە کێ کرد؟
پرسیارم لە داپیرەم کرد؟
ئەو وەک کەنیشکێک لە هەرێمەکەی تۆوە هات
لە مێژە بووە بە دوکەڵ و خۆڵەمێشی تێر
بەڵێ کاتێک ئەو دەپەیڤی بەردەوام دەیگوت: "روو دەدات"

واتەی ئەوەیە: " ئەوەی بە بێژەنگدا بڕوات بچوکتر دەبێتەوە"

روو دەدات — ئەوە دەگەیەنیٚ: "دەبیٚ، باهۆزێک لە من
بئاڵیٚ"
ئەوەی لە منیش روو دەدات "ئەو وەهای گوت"
لە یەک ئاستدا روو دەدات
ئەوە دەگەیەنیٚ: "کە تێدەپەڕیٚ"

ئەوەی روو دەدات تێدەپەڕیٚ
بەڵیٚ بچوک دەبێتەوە
بۆ "تۆز"ێک بە تۆڕی دوژمناندا تێدەپەڕیٚ
بڵیٚ، تۆز:
من حاڵی بووم؟
من بردمەوە؟
"روو دەدات"، تۆ دەڵێی،
"روو دەدات"،
"روو دەدات"،

**★ پاول کلین "١٩٢٠-١٩٧٩" شاعیری ناسراو و گرنگ لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا. کلین لە رۆمانیای ئەو دەمە و ئۆکرانیای ئێستا لە دایکبووە. زمانی زکماکی ئەڵمانی بوو. پاشتر لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.**



**ململانیٚ لە نێوان میراتگراندا**

مارکسی من دەبیٚ بە مارکسی تۆ
ریشی بتاشیٚ

ئێنگەلسی من دەبیٚ بە ئێنگەلسی تۆ
ددانی لێبخرێت

لینینی من دەبیٚ بە لینینی تۆ
هەموو ئێسکەکانی ورد بکریٚ

ستالینی ئێمە دەبیٚ بە ستالینی ئێوە
گوللەیەکی ئاگرین بنێی بە گەروویەوە

ترۆتسکی ئێمە دەبێ بە ترۆتسکی ئێوە
ئێسکەپەیکەری هەڵوەرێنی

ماوی ئێمە دەبێ بە ماوی ئێوە
لە یانگستە*دا بخنکێ

بۆ ئەوەی چیتر سەرکەوتن
لەسەر رێ نەوەستێ

**★ یانگستە: رووباری درێژ. رووباری پانگستە، درێژترین رووباری چینە، ٦٬٣٨٠ کیلۆمەتر درێژە. مەلەیەکی بە نێوبانگی ماوتسیتۆنگ هەیە لەو رووبارەدا کردوویەتی ، ماو لە کاتی ئەو مەلەیەدا بە تەوسەوە باس لە نەیارانی خۆی دەکات. شایانی باسە مەلەکردنی پاش شەڕی کوێتی سەدام حوسێن لە رووباری فورات- دا لاساییکردنەوەی ئەو مەلەکردنەی ماوتسیتۆنگ بوو.**



**ئەو**

ئەو منداڵانی خۆی دەخوات
ئەو خوێنی کوژراوانی خۆی دەخوات
ئەو وەعز بۆ کەڕەکان دا دەدات
ئەو نرخە باڵاکان ناناسێت

ئەو رێگەی خۆی وێڵ دەکات
ئەو لە ناپاکییەوە بەرەو ناپاکی باز دەدات
لە هەڵەوە بەرەو هەڵە
ئەو لە شکستەکاندا دەخەوێت

ئەوەی بۆ وی پێویست نییە

هەموو منداڵێک لە فێرگە فێری دەبێت
ئەوەی کە خەڵک ئەوی ناوێت
دواجار خەڵک هەستیان پێکرد

ئەوەی کە ئەو ناتوانێ سەرکەوێت
دە جاری تەواو هاتە سەلماندن
ئەوانەی کە سەلماندیان
ناتوانن باش بخەون

ئەوانەی کە بڕوا بەو دەکەن
هەندێ جار ماندوون لە بێ هیواییدا
هەندێکیش کە نەفرەت لەو دەکەن
دەزانن ئەو دێت



## ئیسرائیل، گوێبگرە❋

کە ئێمە راو دەکراین
من یەکێک بووم لە ئێوە
چۆن دەتوانم من بمێنمەوە
کاتێک ئێوە ببن بە راوکەر

حەز و تاسەکان ئەوە بوو
وەکو گەلانی دیکە بن
ئێستا ئێوە بوون بەوانەی
کە ئێوەیان دەکوشت

ئێوە لە دەستی ئەوانە رزگار بوون
ئەوانەی دڵڕەق بوون بەرانبەرتان

ئێستا دڵڕەقی ئەوان
بەردەوامە و لە ئێوەدا دەژی؟

ئێوە فەرمانتان بە شکستخواردووان دا:
"پێڵاوەکانتان داکەنن"
چون قوربانییەکی سادە
ئەوانەتان
پەرتەوازەی بیابان کرد

بەرەو مزگەوتە گەورەکانی مردن
کە کورسییەکانیان لمن
ئەوان ئەو گوناهەیان پەسەند نەکرد
کە ئێوە خوازیار بوون ئەوانی پێ بخنکێنن

هەستی پێیە پەتییەکان
لە نێو لمی بیاباندا
رزگار دەبن
لە شوێن پێی بۆمب و تانکەکانی ئێوە

**★ شایانی ئاماژە پێکردنە کە ئەریش فرید، جولەکەیەك بوو کە باوەڕی بە زایۆنیزم نەبوو.**



## هۆکارەکان

"چونکە هیچ شتێک بە هانا نەهات
ئێوە ئەوە دەکەن کە خۆتان گەرەکتانە

چونکە من نامەوێ جارێکی دیکە
پەنجەم بسووتێت

چونکە مرۆڤ تەنها دەبێ پێبکەنێت:
چاوەڕوانی تۆیان کرد

بۆچی بەردەوام من؟
کەسیش نابێ سوپاسم بکات

چونکە لەوێوە چیدی کەس نابیندرێ
جگە لەوەی بە ئەگەری زۆر خراپتر دەبێت

چونکە هەموو خراپێک
لەوەیە لایەنی باشیشی هەبێت

چونکە بابەتەکە هی هەڵوێستە
بۆیە بە گشتی مرۆڤ باوەڕ بە کێ بکات؟

چونکە لای ئەوانی دیکەیش
تەنها بە ئاو خۆراک لێدەنرێت

چونکە من حەز دەکەم
کار بدرێ بە کارزان



چونکە مرۆڤ هەرگیز نازانێ
چۆن دەکرێ زیانبەخش بێت

چونکە هەوڵدان هیچی تیا بەسەر نییە
چونکە هەموو ئەمانە نرخێکیان نییە"

ئەمانە ئەو هۆکارانەی مردنن
بۆ ئەوەی لەسەر گۆڕەکانمان بنووسرێن

ئەو گۆڕانەی کە هەڵناکەندرێن
ئەگەر ئەمانە هۆکار بن

**يارييەک لە نێوبەردا**

و
ئەگەر پەنجەی دۆشاومژەم
تەڕ بێت
تەڕ بوون لە تۆدا و
کاتێک تەرخان بکەم
بە نووکی ئەو پەنجەیە
لەسەر سکت
وێنەی دڵێک بکێشم
بە جۆرێک ناوکت
بکەوێتە ناوەڕاستی دڵەکەوە



شوێنێک کە تیری ئەڤین
پێیوایە کوناودەری کردووە
پاش ئەوەی
کاتێک تۆ دەیهێنیتە بەرچاوت
ئەوە دڵێک بوو
کە من لەسەر تۆ نیگاریم نەخشاند

## لە کاتێکدا

من ئەو بەدبەختییە دەخوازم
بەدبەختییەک کە من
بە هۆی تۆوە تووشی بووم
لەگەڵ خۆشبەختیدا
بیپێوم
کە خۆشبەختی من تۆ خۆتیت
کە بە ڕۆژان و
بەردەوام
زۆرتر لە هەفتەگەلی



جودایی
غەمگینی
تەقینەوە بۆ تۆ و
هەروەها بۆ تۆ
وەکو ڕۆژی خۆشبەختی
بەڵام ئەمە چی دەژمێرێت؟
من تۆم خۆشدەوێت

## گۆرانی شەو

دوو ئەستێرە لەسەر مەمانت
دوو ماچ لەسەر چاوانت

شەوانە
لە ژیر هەمان ئاسمانی نەناسراودا
دوو ئەستێرە لەسەر چاوانت
دوو ماچ لەسەر مەمانت

شەوانە
لە ژێر هەورە بێ زارەکان



ئێمە ناچارین
ماچەکانی خۆمان و
ئەستێرەکانی خۆمان
بدەین بە یەکتر
لە ژێر ئاسمانێکی پڕ گێژەڵوکەدا
یان لە ژووری ماڵێک
ماڵێک لەوەیە لەسەرزەمینێک بێت
کە ئێمە ناچارین لەوێدا بەرگری لە خۆمان بکەین
بەڵام لە پشووی هەناسەدانێکی
ئەم جەنگەدا
مەمان و چاوەکان
ئاسمان و ئەستێرە و ماچەکان
با هەر هەمووی
بۆ ئێمە بن

## ئازادی بیرکردنەوە

کاتێک بیر لە دەمت دەکەمەوە
چۆن شتێکم بۆ باس دەکەی
ئیتر بیر دەکەمەوە
لە وشەکانت و
لە بیرکردنەوەت و
لە دەربڕینی
چاوەکانت
لە کاتی ئاخافتندا



بەڵام کاتێک بیر لە دەمت دەکەمەوە
چۆن دەنیشێتە سەر دەمم
ئیتر بیردەکەمەوە
لە دەمت و
لە دەمت و
لە دەمت و
لە ئامێزت و
لە چاوانت

**لە بری پاشەکی**

هەموو ئەوانەی لە دژی
ژیان نووسیمن
بۆ ژیان نووسران

هەموو ئەوانەی
بۆ مردن نووسیمن
لە دژی مردن نووسران




**واژۆی ئێریش فرید**




**شیعرێکی ئێریش فرید لەسەر دیواری بەرلین...**



**ئێریش فرید**



Was es ist

Es ist Unsinn
sagt die Vernunft
Es ist was es ist
sagt die Liebe

Es ist Unglück
sagt die Berechnung
Es ist nichts als Schmerz
sagt die Angst
Es ist aussichtslos
sagt die Einsicht
Es ist was es ist
sagt die Liebe

Es ist lächerlich
sagt der Stolz
Es ist leichtsinnig
sagt die Vorsicht
Es ist unmöglich
sagt die Erfahrung
Es ist was es ist
sagt die Liebe

Erich Fried

**نمونە لە دەستنووسێکی ئێریش فرید...**



ئێریش فرید لە پاریس، لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا...

**سەرچاوە:**

**ئەم کۆمەڵە شیعرە لەم دوو سەرچاوەیەوە وەرگیراون:**

**⋆ لەدیوانی**

Erich Fried Gedichte- ausgewählt und herausgegeben Klaus Wagenbach / von Deutscher Taschenbuch Verlag

**شایانی باسە ئەو دیوانە لە ساڵی ١٩٦٦ یەکەم چاپی کراوە و پاشتر بە دەیان جار چاپکراوەتەوە.**

**⋆ ماڵپەڕی تایبەتی کە بۆ شاعیر دروست کراوە.**

## ریزبەندی


وەڵام ........................................ ١٩
پەند ........................................ ٢٠
سەردەستی ئازادی ........................................ ٢١
بێ گاڵتە ........................................ ٢٢
زستانە باغ ........................................ ٢٣
نیگایەك لە تۆ ........................................ ٢٥
دابڕان ........................................ ٢٧
ترس و گومان ........................................ ٢٨
ڕەوشی ئێستا ........................................ ٢٩
تۆ ........................................ ٣٠
توندوتیژی ........................................ ٣٢
هەوڵدانێك ........................................ ٣٦
تەنها ماچکردن ........................................ ٣٧
بۆ نمونە ........................................ ٣٩
بەنگێتی ........................................ ٤٠
زیندوێتی؟ ........................................ ٤١
بەڵام ........................................ ٤٢
لەسەر سەزەمینێکی تر ........................................ ٤٤
پرسیارەکان ........................................ ٤٧
بیرکردنەوە لە تۆ ........................................ ٤٩
مەحاڵ ........................................ ٥١
گیرۆدەیی ........................................ ٥٢
ڕێپێشاندەر ........................................ ٥٣
جیاوازی ........................................ ٥٦
کەسێك گۆرانی دەڵێ ........................................ ٥٧
ئەو درۆیانەی پێیان کورتە ........................................ ٥٩
ڕێ کۆنەکەی فێرکە ........................................ ٦١
پەیوەندی بە زلهێزەوە ........................................ ٦٢
خۆئازادکردن لە نمونە گەورەکان ........................................ ٦٣
جیهان خاتوون ........................................ ٦٤
لێزان ........................................ ٦٦
سوپاسبژێری ........................................ ٦٨
پرسیاری بچوك ........................................ ٦٩
مجرۆبوونی پەیوەندی ئەڤین ........................................ ٧٠
سێ پرسیاری چون یەك ........................................ ٧٢
ئەمە چییە؟ ........................................ ٧٤
پەیڤەکان ........................................ ٧٦
نامە بەرەو مۆسکۆ ........................................ ٧٩

ژیاننامە ........................................ ٨١
نەخۆش ........................................ ٨٤
دوژمنان ........................................ ٨٨
تەنیا نەدەبوو ........................................ ٩٠
بەر لەوەی بمرم ........................................ ٩٢
لە پەسنی بێ هیواییدا ........................................ ٩٤
وشەم بدەیە ........................................ ٩٧
ململانێ لە نێوان میراتگراندا ........................................ ١٠٠
ئەو ........................................ ١٠٢
ئیسرائیل، گوێبگرە ........................................ ١٠٤
هۆکارەکان ........................................ ١٠٦
یارییەك لە نێوبەردا ........................................ ١٠٩
لە کاتێکدا ........................................ ١١١
گۆرانی شەو ........................................ ١١٣
ئازادی بیرکردنەوە ........................................ ١١٥
لە بری پاشەکی ........................................ ١١٧

# زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی

# بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی سامی عەوداڵ | ئا/د. کەمال مەعروف | شیعر | ٧١١ |
| ٢ | سایکۆلۆژیای دەسەڵات | سەمەد ئەحمەد | لێکۆڵینەوە | ٧١٢ |
| ٣ | وێنەیەك بەسەر ئاوەوە | سەڵاح عومەر | ڕۆمان | ٧١٣ |
| ٤ | شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا | عەبدولمتەلیب عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٧١٤ |
| ٥ | ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا | ئارام صدیق | لێکۆڵینەوە | ٧١٥ |
| ٦ | مرۆڤـــ گەردونێکی نادیار | د.هادی محمد | لێکۆڵینەوە | ٧١٦ |
| ٧ | ڕێچکەی مێروولەکان | جوتیار ئەحمەد | چیرۆك | ٧١٧ |
| ٨ | ئافۆریسم | نەوزاد جەمال | لێکۆڵینەوە | ٧١٨ |
| ٩ | مێژووی تۆپی پێ و پاڵەوانێتییەکانی لە جیهاندا | هەوراز کاوە | وەرزشیی | ٧١٩ |
| ١٠ | شەڕی گۆگامێلا | محمد ئەمین عەلی | مێژوویی | ٧٢٠ |
| ١١ | بونیاتی هونەری لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا | سامان عیزەدین | لێکۆڵینەوە | ٧٢١ |
| ١٢ | ذاكرة مدينة منقرضة | زوهدی داودی | ڕۆمان | ٧٢٢ |
| ١٣ | تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ | کەریم دەشتی | شیعر | ٧٢٣ |
| ١٤ | هۆشیاریی یاسایی | فوئاد تاهر | یاسایی | ٧٢٤ |
| ١٥ | میرزا مەنگوڕی و یوتۆپیا جیهانییەکەی | سەربەست کەرکوکی | لێکۆڵینەوە | ٧٢٥ |
| ١٦ | دیوانی ناری | ئا/عوسمان ناری زادە | شیعر | ٧٢٦ |
| ١٧ | کۆمەڵێك شوێنەواری دێرینی بەر لە مێژوو و مێژووی کوردستان | کەمال نوری مەعروف | شوێنەوار | ٧٢٧ |
| ١٨ | ساڵی سفر | سەباح رەنجدەر | شیعر | ٧٢٨ |
| ١٩ | زمان ئاسۆیەکە لەنێوان ئاسمان و زەویدا | هەندرێن | لێکۆڵینەوە | ٧٣٠ |
| ٢٠ | جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە | ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل | لێکۆڵینەوە | ٧٣١ |
| ٢١ | ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا | جەلال مەحمود عەلی | زمانەوانی | ٧٣٢ |
| ٢٢ | شار و دنیای منداڵی | عومەر دەروێش | کوراسی شێوەکاری | ٧٣٣ |
| ٢٣ | بەرەو زانستی دەنگسازی لە ئاخاوتنی کوردییەوە | شێرکۆ بابان | زمانەوانی | ٧٣٤ |
| ٢٤ | حقوق الملكية الفكرية ذات الصلة بالاصناف النباتية الجديدة والمنتجات الدوائية | د. دانا حمە باقی | لێکۆڵینەوە | ٧٣٥ |
| ٢٥ | بنەماکانی پێڕست و پۆلێن لە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکاندا | شێرزاد سەعید محەمەد | لێکۆڵینەوە | ٧٣٦ |
| ٢٦ | تێکست | هاشم سەراج | شیعر | ٧٣٧ |
| ٢٧ | فێربوونی زمانی فارسی هەنگاو بەهەنگاو | عەدنان عەبدولرەحمان سەجادی | فەرهەنگ | ٧٣٨ |
| ٢٨ | کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا | د.کەیوان ئازاد | مێژوویی | ٧٣٩ |
| ٢٩ | کتێبی خۆشەویستیی | و. جەلال دەباغ | شیعر | ٧٤١ |
| ٣٠ | ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا | عەبدولسەمەد ئیسلام تەها | مێژوویی | ٧٤٠ |
| ٣١ | تاوانە ئینتەرنێتییەکان | سەروەت عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٧٢٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٢ | کۆڕامانێك لە شیعر | محمد کاکە رەش | گفتوگۆی ئەدەبیی | ٧٤٢ |
| ٣٣ | هێشتا قسەکانم تەواو نەکردووە | گەزیزە عمر علی | شانۆیی | ٧٤٣ |
| ٣٤ | لە ئارێزەوە تا سازو زولْفا | ئەنوەر حسێن | لێکۆڵینەوە | ٧٤٤ |
| ٣٥ | بێرنارد کۆشنەر | نەجات حەمید | لێکۆڵینەوە | ٧٤٥ |
| ٣٦ | وقفات في رحاب الثقافة الكردية | محمد کریم عارف | لێکۆڵینەوە | ٧٤٦ |
| ٣٧ | لە دادیزمەوە تاکو سوریالیزم | لەتیف هەڵمەت | لیکۆڵینەوە | ٧٤٩ |
| ٣٨ | کارەبا و زانستی داینەمۆ | بتیۆن سعید | زانستیی | ٧٤٨ |
| ٣٩ | دووگیانی و منداڵ بوون | شیرین مستەفا عیسی | زانستیی | ٧٦٢ |
| ٤٠ | شێوەکاران | تەها احمد رەسول | شێوەکاریی | ٧٥٠ |
| ٤١ | وشە گەڕۆکەکان | و.عەبدوڵلا زەنگەنە | رۆمان | ٧٥١ |
| ٤٢ | بۆنی بەختەوەری | محمد کوردۆ | لێکۆڵینەوە | ٧٥٥ |
| ٤٣ | ناسیۆنالیزم و عەلمانیەت | سۆران عزیز | لێکۆڵینەوە | ٧٥٣ |
| ٤٤ | فێربوونی بالە | ریباز احمد فرج | وەرزشیی | ٧٥٤ |
| ٤٥ | وەرزی دروێنەی فریشتەکان | محمد کەریم | چیرۆك | ٧٦٥ |
| ٤٦ | بازنە راخراوەکانی بابل | عمر سەید | رۆمان | ٧٥٦ |
| ٤٧ | دەروازەیەك لەرووی کتێبخانە و زانیاریەکان | یاسین قادر برزنجی | زانستیی کتێبخانەو زانیارییەکان | ٧٥٧ |
| ٤٨ | حەوزەکانی ئاوایی | مستەفا محمد کەریم | رۆمان | ٧٥٨ |
| ٤٩ | ئەفسونی گێڕانەوە | جبار سابیر | لێکۆڵینەوە | ٧٥٩ |
| ٥٠ | ئەو تاریکیە درەوشاوەیە | و.غفور صالح | رۆمان | ٧٦٠ |
| ٥١ | دار و گەلاٚ | و.مستەفا زاهیدی | چیرۆك | ٧٦١ |
| ٥٢ | پەیڤەکان دەپەیڤن | رابەر فاریق | لێکۆڵینەوە | ٧٥٢ |
| ٥٣ | ڕەوتی کچانی کورد | زەکیە رشید محمد | توێژینەوە | ٧٦٣ |
| ٥٤ | دابەشکاری جوگرافی | لەنجە سالح عەبدوڵلا | لێکۆڵینەوە | ٧٦٤ |
| ٥٥ | غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بێ ئەڤین | و.سیروان رەحیم | شیعر | ٧٤٧ |